**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: 19**

**مێژووی بڕیار: 2014/7/23**

# بڕیاری
# تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (18)ی رۆژی 2014/7/23 ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم:** وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانە یەکەم وەزارەت دەبێت.

**دووەم:** پێویستە دەرماڵەی مەترسی تایبەت (الخطورة الخاصة) بۆ هێزی پێشمەرگە سەرف بکرێت.

**سێیەم:** لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکات.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی (6) شەش مانگ لە دەرچوونی ئەم بڕیارەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا وەك هێزێکی نیشتیمانی یەك بخات، بەتایبەتی یەکەکانی (70 و 80).

**پێنجەم:** پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە بەرزکردنەوەی پلە سەربازییەکانی پێشمەرگە.

**شەشەم:** پێویستە نەسرییەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

**حەوتەم:** **پێویستە** مووچە خۆری بێ دەوام لە هێزەکانی پێشمەرگە نەهێڵرێت.

**هەشتەم:** پێویستە کاتی دەوام و پشووی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێت.

**نۆیەم:** پێویستە هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە کوردستانییەکان یەك بخرێن.

**دەیەم:** پێویستە هەموو ئەو چەك و تەقەمەنی و پێداویستییە سەربازییانەی لە پاش رووداوەكانی 2014/6/9 كەوتوونەتە دەست هێزە جیاجیاكانی هەرێمی كوردستان بگەڕێنرێنەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

**یازدەیەم:** **پێویستە** سووتەمەنی و پێداویستی تەندروستی بەشێوەیەكی باشتر بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بكرێن.

**دوازدەیەم:** دابینكردنی خواردنی تەندروست و گەیاندنی بەهێزی پێشمەرگە لەكاتی خۆیدا.

**سێزدەیەم:** دابینكردنی چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە.

**چواردەیەم:** ئەو پێشمەرگانەی كە شەهید دەبن دەبێت لە ڕێوڕەسمێكی شایستەدا بەخاك بسپێردرێن و هاوكاری ماددی خانەوادەكانیشیان بكرێت.

**پازدەهەم:** پێویستە حكومەتی هەرێم ئەركی چارەسەری بریندارەكان لە ئەستۆ بگرێت، لە شوێنی برینداربونیانەوە تا گواستنەوەیان و، هاوكاری مادیش بكرێن سەرەڕای چارەسەر.

**شازدەهەم:** پێویستە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچە كوردستانیانە نەكشێتەوە كە لە دوای 2014/6/9 تێدا جێگیر بووە.

**حەڤدەهەم:** پێویستە حكومەتی هەرێم لە دوای كۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی هەرێم، هەموو ئەو بڕگانەی ئەم بڕیارە كە لە ئێستادا ناتوانرێت جێبەجێ بكرێن، جێبەجێیان بكات.

**هەژدەهەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پێڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی ئەم بڕیارە دەربكات.

**نۆزدەیەم:** كار بەهێچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێكی ناكۆك لەگەل حوكمەكانی ئەم بڕیارە ناكرێت.

**بیستەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەوەندیدارەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

**بیست و یەك:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بلاْودەكرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم بڕیارە**

لە پێناو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە و، ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و، دابین کردنی پێداویستیەکانیان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی/ ئەم بریارە بەبریاری ژمارە 8ی سالی 2014 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.